

# پۆست-دیموکراسییەت و
# لە سیاسەتخستن

## شانتال موفە

## پێشەکیی وەرگێڕ:

شانتال موفە (*Chantal Mouffe*) خانمە بیرمەندێکی سیاسی بەلژیکییە، ساڵی *1943* لەدایکبووە، لە زانکۆی لۆوڤیان و پاریس و ئیسێکس (*Essex*) خوێندوویەتی و لە چەندین زانکۆی دیکەی جیهانیی (ئەورووپا و ئەمریکای باکور و ئەمریکای لاتین)دا کاری کردووە. لە ماوەی نێوان ساڵی *1989*-*1995*دا وەك دەرهێنەری پرۆگرامی (*Collège international de philosophie*) لە پاریس خزمەتی کردووە. لە ئێستادا بە پلەی پرۆفیسۆر لە بەشی زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی وێستمنستەر لە لەندەن مامۆستایە.

موفە لەگەڵ ئەرنستۆ لاکلاودا، بەشداربووە لە پەرەپێدانی «قوتابخانەی ئیسێکس بۆ شیکاریی گووتارەکان» (*Essex School of discourse analysis*) هەر لەگەڵ لاکلاودا کۆمەڵێك کتێب و وتاری هاوبەشیان پێکەوە نووسیوە، لەوانە «هەژموون و ستراتیژیی سۆشیالیستی». موفە لە بەرهەمەکانیدا سەرقاڵ بوو بە پەرەپێدانی جۆرێك لە لێکۆڵینەوەی سیاسیی پۆست-مارکسیزم کە زیاتر پشتی بە تێزەکانی «ئەنتۆنیۆ گرامشی» بەستبوو، پەرەدان بە پاش-بونیادگەری و تیۆرییەکانی شوناس، دووبارە پێناسەکردنەوەی سیاسەتی چەپڕەوانە لە تێرمی دیموکراسییەتی ڕادیکاڵ و کۆنتێکستی گرامەرە ئازادەکانی پەیوەندیی هێزەکاندا.

یەکەمجار ئەم وتارە لە ڕێکەوتی *2011/1/3* لە پاشکۆی هەفتەنامەی «داس پەرلەمانت»ی ئەڵمانیدا بڵاوبۆتەوە *Aus Politik und Zeitgeschichte* () .(*Beilage von Das Parlament*

### دەقەکە:

یەکێك لە تێزە سەنتراڵەکان لە مشتومڕی ئەمڕۆدا لەبارەی «پۆست-دیموکراسییەت»ـەوە ئەو تێزەیە کە پێیوایە لە پشت پەردەی بنەما ڕووکەشییە دیموکراسییەکانەوە، سیستەمە دیموکراتە نوێیەکان بەرەبەرە دەکەونە ژێر دەستی دەستەبژێرێکی خاوەن ئیمتیازەوە. هەروەها دەبێتە مایەی ئەوەی سیاسەتی نیولیبرالیزم پشت بە «ئیمپریالیزم»ی دەوڵەت ببەستێت لەلایەن بەرژەوەندی گروپە کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراوە ئابوورییەکانەوە، ئەمەیش وا دەکات بڕیارە سیاسییە گرنگەکان لە دەرەوەی کەناڵە دیموکراتییە تەقلیدییەکان بدرێن. جا کاتێك دامەزراوە دیموکراسییەکان ڕەوایەتی لەدەست دەدەن، ئەمە لە بەرزبوونەوەی ئاستی «لە سیاسەتخستن»دا ڕەنگ دەداتەوە. من ئەم تیۆرە ڕەتناکەمەوە، بەڵام پێموایە کاتێك ئێمە بە لەبەرچاوگرتنی ئیمکانیەتی قڵپکردنەوەی ئەو ئاراستە نوێیە بەدوای هۆکارەکانی ئەو دیاردەیەدا دەگەڕێین، دەبێت ئەو ڕۆڵەیش زەق بکەینەوە کە حیزبەکانی بەرەی چەپ لە پرۆسێسی لەسیاسەتخستنی دیموکراتیدا دەیگێڕن.

### ئاسۆی «پۆست-سیاسەت»ی کۆمەڵگە دیموکراتییەکان:

لەو کتێبەمدا کە بە ناونیشانی «سیاسی» بڵاوم کردۆتەوە ، لێکۆڵینەوەم لە هۆکارە قووڵەکانی ئاسۆی «پۆست سیاسەت» کردووە، کە لەو کاتەدا بەسەر کۆمەڵگە لیبراڵییە دیموکراسییەکاندا باڵادەست بووبوو. تێزەکەی من ئەوەیە کە ئاسۆی «پۆست-سیاسەت» پابەندە بە بوونی ئەو حزبە سۆشیال-دیموکراتە ئەورووپییانەوە کە لەم چەند دەیەی ڕابردوودا پەیڕەوییان لە ستراتیژییەتی جووڵان بەرەو ناوەندی گۆڕەپانی سیاسی کردووە. ئەم ستراتیژییە لەژێر پەرچەمی «ڕێگای سێیەم» لە بەرژەوەندی «حزبی نوێی کرێکاران» لە بەریتانیا، بۆ یەکەمجار لەلایەن کۆمەڵناسی بەریتانی «ئەنتۆنی گیدنز» (Anthony Giddens)ـەوە ڕوونکراوەتەوە. ئەم مامەڵەیە بانگەشەی ئەوە دەکات کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان چوونەتە قۆناغی دووەمی مۆدێرنیتەوە، ئەویش قۆناغی «مۆدێرنیتەی ئاگامەند»ە؛ لێرەدا

گریمانەی ئەوە دەکرێت ئەو مۆدێلە سیاسییەی لە قۆناغی یەکەمدا پشتی پێبەسترابوو و پێیدەوترا «مۆدێرنیتەی سادە»، کە بەندبوو بە لێکدژییەکانەوە (واتە ململانێ کۆمەڵایەتییەکان...)، شتێکە زەمەن تێیپەڕاندووە و بەسەرچووە. گیدنز شرۆڤەی ئەوە دەکات چۆن لەمڕۆدا بۆتە شتێکی پێویست «لەودیوی چەپ و راست»ەوە بیر بکەینەوە و هەوڵبدەین سیاسەتێکی نوێ بۆ «ناوەندێکی رادیکاڵ» کە ئەو دابەشکارییە تێپەڕێنێت، دەستەبەر بکەین.

لە دواتردا ئەم تێڕوانینە لەلایەن حزبە سۆشیالیستەکان و سۆشیال-دیموکراتەکانەوە، پشتیوانی لێکرا، واتە لەلایەن ئەو حزبانەوە کە لەو ماوەیەدا خۆیان وەکو «چەپی ناوەند» دەردەخست، ئەمەیش واتای دوورکەوتنەوەیەکی ئاشکرابوو لە پێکهاتە دژە سەرمایەدارییەکانی پێشتر. بەڵام حزبەکانی چەپی ناوەند -بە خولیای تازەکردنەوەی پرۆژەی سۆشیال-دیموکراتی لەپێناو گونجانیدا لەگەڵ سەردەمی جیهانگیریدا- لە راستیدا لە بەرامبەر تەوژمی نیولیبرالیزمدا خۆیدا بە دەستەوە. ئەو حزبانە، دوای ئەوەی باوەڕیان بەوە هێنا کە هیچ براژدەیەکی راستەقینە بۆ ئەکتی سیاسی لە ئارادا نییە، سیستەمی باڵادەستیان قبوڵ کرد و وازیان لە هەموو هەوڵەکان هێنا بۆ پرسیار خستنەسەر سەنگی هێزە باڵادەستەکان. ئیدی تەنیا کاریان بووە هەوڵدان بۆ دەرخستنی ئەو ئەگەرانەی کە زەمینە دەڕەخسێنن بۆ پێکهێنانی جیهانگیریی نیولیبراڵی بە شێوازێکی «مرۆڤانەتر». بەڵام رێک لەم بوارەدا، ئەستەمە حزبە جیاوازەکان لە یەکتری جودا بکرێنەوە.

## ئاکامەکانی وێناکردنی سیاسەتی دیموکراتی:

ئەم «کۆدەنگییەی ناوەندی سیاسی» چەندین ئاکام و دەرەنجامی نەرێنیی هەبوو لەسەر پێکهێنانی سیاسەت بە شێوەیەکی دیموکراتی. ئەو نەفرەتکردنەی ئێستا لە سیاسەت، کە بووە مایەی پاشکشەیەکی ئێجگار زۆر لە بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا، لە راستیدا بە نائامادەیی بژاردەیەکی راستەقینە لەنێوان کۆمەڵێک ئەڵتەرناتیڤدا کە بتوانین بە روون و ئاشکرایی لێجیان جیا بکەینەوە و هەر یەکەیان بناسینەوە، تەفسیر دەکرێت. لێکنزیکبوونەوەی حزبە میانڕەوەکانی راستڕەو و چەپڕەو هاوکاری و یارمەتیدەری چەندین وڵات بووە، لەگەڵ ئەوەیشدا، لە هەڵکشانی کێرڤی حزبە پۆپۆلیستە راستڕەوەکاندا، سەرکەوتنی ئەمە پشت بە کۆمەڵێک هۆکار دەبەستێت کە هەرچی بێت ئەوە نییە خۆی وەک تاکەلایەنێک دەردەخات کە ئەڵتەرناتیڤێکی راستەقینە بۆ سیستەمی باڵادەست

**هەمیشە پەیوەندییەکی شلۆق و ناتەبا لەنێوان پێویستییەکانی ئازادی و داخوازییەکانی یەکسانیدا بوونی هەیە، ئەم شلۆقییە تا ئەمڕۆ، لەسەر ئاستی سیاسی، بۆتە مایەی دینامیکییەتی رووبەڕووبوونەوەی نێوان چەپ و راست**



دەخاتە ڕوو. پێموایە ڕۆڵی ئەم دۆخە «پۆست-سیاسی»یە، لە مشتومڕکردن لەسەر «پۆست-دیموکراسییەت»دا، بە هەند وەرنەگیراوە. بێگومان گرنگە لە گۆڕانەکانی سیستەمی سەرمایەداریی تێبگەین، کە ئەم گۆڕانانە هەلومەرجی ئابوورییان بۆ سەرکەوتنی جیهانگیریی لیبراڵی سازاندووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەو گۆڕانکارییانە تەفسیری هەڵقوڵانی گفتوگۆیەکی زیندووی دیموکراتی دەربارەی پۆتێنشییەڵە هەمەجۆرەکانی ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پانتاییە گشتییەکان ناکات.

دەبێت لەم کۆنتێکستەدا حزبە جەماوەرییەکانیش ئاگاداری بەرپرسیارێتییەکانیان بن دەرهەق بەم پرۆسێسە. بەهۆی ئەوەی ناتوانن دەرك بەوە بکەن کە سیاسەت لە جەوهەری خۆیدا دەبێت حزبی بێت و سیاسەتی دیموکراتی پێویستی بە گفتوگۆ و مشتومڕ لەنێوان پرۆژە ململانێکارەکاندا لەگەڵ توانای هەڵبژاردن لەنێو ئەڵتەرناتیڤە ڕاستەقینەکاندا، بۆیە سیاسەتی «ڕێگای سێیەم» بەشداربووە لە «لەسیاسەتخستن»دا کە لە ناوجەرگەی دۆخە «پۆست-دیموکراتی»یەکەماندایە.

کاتێك ئەو جێکەوتە لای هاونیشتمانیان دروست دەبێت کە چیتر ناتوانن بەشداربن لە بڕیارە سەرەکییەکانی پەیوەست بە بابەتە هاوبەشەکان و دۆخە هاوبەشەکانیان و ئینجا گوایە تەنیا پسپۆڕەکان شیاوی ئەوەن بە پرسە سیاسییەکانەوە سەرقاڵ بن، چونکە وەك کۆمەڵە کێشەیەکی تەکنیکی ئاڵۆز لێیاندەڕوانرێت، ئەوا بەم شێوەیە دامەزراوە دیموکراسییەکان لە جەوهەرەکەیان دادەماڵرێن و پەلاماری ڕەوایەتییەکەیان دەدرێت. ئیدی هەڵبژاردن تەنیا دەبێتە ڕۆتینێك بۆ کاربەڕێکردنی بکەرە جیاوازەکان، کە نابێت بەشێوەیەکی ئاشکرا بەرپرسیارێتی بەرژەوەندییەکانیان هەڵبگیرێت. بەمەیش پرۆسێسی دیموکراتی پاساوی بوونەکەی لەدەست دەدات: واتە ئازادی و یەکسانی.

بەڵگەنەویستە هەمیشە کۆمەڵگەکانمان بۆ خۆیان بانگەشەی وەسفکردنی دیموکراسییەتیان کردووە. بەڵام «دیموکراسییەت» لە سەردەمە «پۆست-سیاسی»یەکەماندا واتای چییە؟ کاتێك لە کتێبی «پارادۆکسی دیموکراسی»دا، لە جەوهەری دیموکراسییەتی لیبراڵییم کۆڵییەوە، پەیوەندییەکی شلۆقم لەنێوان هەردوو پرەنسیپە سەرەکییە ئەخلاقی و سیاسییەکەیدا دامەزراند، واتە ئازادی و یەکسانی. لەبەرئەوەی دەبێت وەها لە دیموکراسییەتی لیبراڵی تێبگەین کە کۆکردنەوە و پێکەوەگونجانی دوو نەریتە: لەلایەك، نەریتی لیبراڵییانەی سەروەری یاسا و مافە تاکەکەسییەکان؛ لەلایەکی دیکەیش، نەریتە دیموکراتییەکانی سەروەریی گەل. «کراوفۆرد بڕۆت ماکفرسن» (Crawford Brough Macpherson)، لێکۆڵەری کەنەدی لە بواری زانستە سیاسییەکاندا، ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە چۆن چۆنی بەهۆی کۆبوونەوە و پێکەوە گونجانی ئەم دوو نەریتەوە، هەر لە سەدەی نۆزدەوە لیبراڵیزم بە دیموکراسییەت و دیموکراسییەتیش بە لیبرالیزم خۆیان ڕووپۆش کردووە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، هەمیشە پەیوەندییەکی شلۆق و ناتەبا لەنێوان پێویستییەکانی ئازادی و داخوازییەکانی یەکسانیدا بوونی هەیە، ئەم شلۆقییە تا ئەمڕۆ، لەسەر ئاستی سیاسی، بۆتە مایەی دینامیکییەتی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان چەپ و ڕاست. دەشێت مێژووی سیاسیی دیموکراسییەت وەك ململانێ لەپێناو باڵادەستی یەکێك لەم دوو پرەنسیپە لەسەر ئەویدیکەیان، پیشان بدەین. لە هەندێ ماوەدا مۆرکە لیبراڵییەکە زاڵ بووە و لە هەندێك ماوەی دیکەیشدا مۆرکە دیموکراسییەکە، بەڵام هێشتایش ناکۆکییەکە هەر بەردەوامە و بە کراوەیی ماوەتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا،

لـه سـايەی هەژموونـی ئێسـتای نيوليبراڵيزمـدا، پێكهاتـه ليبراڵييەكـه تـا ئـەو ڕادەيـە زاڵ و قەبـە بـووە كـە خەريكـە پێكهاتـە ديموكراسـييەكە دەبێـت بـە ژێـرەوە و ديارنامێنێـت. لەمـڕۆدا وەهـا لـە ديموكراسـييەت تێدەگەيشـترێت كـە دەوڵەتـی ياسـا و بەرگريكردنـە لـە مافەكانـی مـرۆڤ، ئەمەيـش واتـای ئەوەيـە ئايديـای سـەروەريی گـەل بەجێهێڵـراوە و فەرامۆشـكراوە. بـەڵام هـەر كەسـێك ]يـان هێـز و لايەنێـك[ لـە ڕێسـاكانی دەسـتەبژێرەكان ياخيـی ببێـت و سـووربێت لەسـەر ئـەوەی مافـی بەشـداريكردن لـە بڕياردانـدا بـە گـەل بـدات و بـوار بـۆ پێويسـتييەكانی گـەل بكاتـەوە، ئـەوا بـە كـەس ]يـان هێـز و لايەن[ێكـی «پۆپۆليسـت» دادەنرێـت و لەمەيشـەوە ڕەت دەكرێتـەوە.

پێموايـە ئـەم چەپاندنـەی نەريتـە ديموكراسـييەكان يەكێكـە لـە گرنگتريـن ئەدگارەكانـی دۆخـە «پۆسـت-ديموكراسی»ـيەكەمان. بـە بـێ دەسـتبەرداربوون لـە سياسـەتی «سـازان لەسـەر ئاسـتی ناوەنـدی كۆمەڵايەتـی»، كـە يەكێكـە لـە هۆكارەكانـی پەراوێزخسـتنی زياتـری دامـەزراوە ديموكراسـييەكان، هيـچ ئومێدێـك بـۆ دەرچـووون لـە ئاراسـتەی «پۆسـت-ديموكراسـييەت» بـەدی ناكرێـت. دەبێـت خەباتـی سياسـی بكەيـن دژ بـە تواندنـەوەی سـنووری نێـوان چـەپ و ڕاسـت.

## دووباره بووژاندنەوەی ديموكراسييەت:

لەگـەڵ ئەوپـەڕی ڕێـزم بـۆ تيۆريسـتانی «ڕێـگای سـێيەم»، ئـەم جـۆرە خەڵەتاندنـە (كـە وەسـفەكە گوزارشـتی لێـدەكات و گوايـە ڕێـگای سـێيەمە)، لەبـری ئـەوەی هـاوكار و يامەتيـدەر بێـت بـۆ وەديهێنانـی پێشـكەوتن بـەرەو ديموكراسـييەتی «پێگەيشـتوو»، بەشـدارە لـە داڕمانيـدا. دەبێـت بەپەلـە دووبـارە پرۆسێسـی ديموكراسـی سـەرڕێگا بخەينـەوە و بيبوژێنينـەوە، ئەمەيـش تەنيـا بـەو شـێوەيە ڕوودەدات كـە حزبـە چەپـەكان دەسـت بكـەن بـە دژە هێرشـێك بـۆ سـەر هەژمـوون و سـەرجەم ئـەو هەوڵانـەی كـە دەيانەوێـت دامەزراوەكانـی خۆشـگوزەرانی كۆمەڵايەتـی لەناوببـەن و سـەرجەم ژيانـی كۆمەڵايەتـی بەشـبەش بكـەن و ملكەچـی بكـەن بـۆ لۆژيكـی بازاڕ. خـۆ ئەگـەر چەپـی سياسـی نەتوانێـت لـە پێنـاو هێنانەكايـەی كۆمەڵگەيەكـی دادپەروەرانەتـر و يەكسـانتردا وزە بـە ئومێـد و جۆشوخرۆشـی خەڵكـی ببەخشـێت، ئـەوا مەترسـييە جدديیەكـە هـەر ئەوەيـە كـە حزبـە پۆپۆليسـتە توونـدڕەوەكان دەرفەتەكـە بـۆ خۆيـان دەقۆزنـەوە و ئـەم بـوارە داگيـر دەكـەن. ئيـدی ئـەو كاتـەی ئـەوەی چاوەڕێـمان دەكات لـە «پۆسـت-ديموكراسييەت»ـيش خراپـترە.

## پەراوێزەكان:

Vgl. Chantal Mouffe, On the Political, London 2005 (deutsche Übersetzung: Chantal Mouffe, Über das Politische. Wider die kosmopolitische Illusion, Frankfurt/M. 2007.

Vgl. Anthony Giddens, Jenseits von Links und Rechts, Frankfurt/M. 1997 (Originalausgabe: Anthony Giddens, Beyond Left and Right. The Future of Radical Politics, Cambridge 1994.

3) Vgl. Chantal Mouffe, The Democratic Paradox, London-New York 2000 (deutsche Übersetzung: Chantal Mouffe, Das demokratische Paradox, Wien 2003.

## سەرچاوە:


شـانتال مـوف: «مابعـد الديموقراطيـة» و تفاقم الإسـتلاب السـياسي، ترجمـة: محمـد المهـذبي، أكتوبـر 2012.

http://www.anfasse.org/2010-12-29-18-25-49/2010-12-30-15-59-04/4868-2012-10-14-00-01-09